سودانی جێخت لەسەر پشتگیری عێراق بۆ لوبنان دەکاتەوە

محەمەد شیاع سودانی " سەرۆک وەزیران،پیرۆزبایی لە "جۆزێف عەون " سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی لوبنان کرد، بۆ بۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆک کۆماری لوبنان، جێختیشی لەسەر پشتگیری عێراق بۆ لوبنان لە هەموو بوارەکاندا کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا تیایدا هاتووە : "محەمەد شیاع سودانی" سەرۆک وەزیران، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ "جۆزێف عەون " سەرۆکی لوبنان ئەنجامدا و پیرۆزبایی لێکرد بۆ بۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆک کۆماری لوبنان.

بەگوتەی ڕاگەیەندراوەکە، لە پەیوەندییەکەدا "سودانی" جێختی لەسەر قووڵی پەیوەندییە برایەتییەکانی نێوان عێراق و لوبنان و گرنگی پەرەپێدان و بەهێزکردنی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەردوو وڵاتی برا کردەوە.

هەربەگوتەی ڕاگەیەندراوەکە "سودانی" جێختی لەسەر پشتگیری عێراق بۆ لوبنان لە هەموو بوارەکاندا کردەوە، ئاماژەشی بۆ پێویستی کارکردن بۆ سەقامگیری لوبنان کرد بۆ تێپەڕاندنی ئەو مەینەتیانەی کە لێئەنجامی ئەو جەنگەی دوایی دووچاری بوو.